پەرلەمانی کوردستان – عێراق
سەرۆکایەتی دیوان
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان و لیژنەکان
لیژنەی دەسپاکی

برلمان كوردستان – العراق
رئاسة الديوان
مديرية شؤون البرلمان واللجان
لجنة النزاهة

Kurdistan Parliament – Iraq

ژمارە: ٥٤٥
بەروار: ٢٠٢٠/٢/١٦
بەشی کاروباری لیژنەکان

No:
Date: / /

ژمارە: ١٢
بەروار: ١٣/ ٢/ ٢٠٢٠

## بۆ بەڕێز/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان-عێراق

## بابەت/ پێشنیاز

ئێمە وەکو لیژنەی دەسپاکی پێشنیاز دەکەین لە ساڵی نوێی یاسادانان گۆرینی سەرۆکی دەستەی دەسپاکی و دیوانی چاودێری دارایی وە یاسای دەستەی دەسپاکی بخرێتە بەرنامەی کارەوە چونکە زیاتر لە (٧) مانگە کابینەی نوێ ئەنجومەنی وەزیران پێك هاتووە بەڵام ئەم دامەزراوە گرینگە کە زیاتر لە دوو ساڵە ماوە ی یاسیان تەواو کردوە بەڵام سەرۆکی نوێ بۆ ئەم دەستەو دیوانی چاودێری دارایی نوێ نەکراوەتەوە.

لەگەڵ رێزدا ...

سعید مصطفی هەرکی
جێگری سەرۆکی لیژنەی دەسپاکی

| برلمان كوردستان - العراق<br>رئاسة الديوان<br>مديرية شؤون البرلمان واللجان<br>لجنة النزاهة | Kurdistan Parliament – Iraq | پەرلەمانی کوردستان – عێراق<br>سەرۆکایەتی دیوان<br>بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان و لیژنەکان<br>لیژنەی دەسپاکی |
|---|---|---|

No:

Date: / /

ژمارە: ٥٢

بەروار: ٢٠٢٠/٨/٢٠

## بۆ بەڕێز/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان-عیراق

## بابەت/جەخت کردنەوە

جەخت کردنەوە لەسەر نوسراومان ژمارە ١٢ لە ٢٠٢٠/٢/١٣ سەبارەت بە هەموارکردنەوەی یاسایی دەستەی دەسپاکی لە ٢٠١٩/١٠/١٦هەمواری یاساکە نێردراوە بۆ پەرلەمانی کوردستان بەڵام تاکو ئێستا نەخراوەتەبەرنامەی کارەوە، ماوەی یاسایی سەرۆکی دەستە تەواوبوە وە بە گرفتێکی سەرەکی دەبینرێت لە بەرامبەر ڕۆڵی دەستە کە بە پێی زانیاریەکانی ئێمە دۆسیەکی زۆر لە دەستە دا بوونی هەیە، بەڵام بەپێی پێویست کار لەسەر دۆسیەکان ناکرێت وەچەندین دۆسیە هەن بە بیانوی لاواز داخراون پێشنیار دەکەین لە نزیکترین دەرفەت هەمواری دەستەی دەسپاکی بخرێتە بەرنامەی کارەوە گۆڕانکاری لە سەرۆکی دەستەدا بکرێت.

لەگەڵ ڕێزدا ..

شیرین امین عبدالعزیز

سەرۆکی لیژنەی دەسپاکی

ژمارە: ل ک / ۱۳ / ۵

بەروار: ۲۳ / ۲ / ۲۰۲۰

No: /

Date: / /2020

**بۆ/ لیژنەی دەسپاکی**

**بابەت/ وەڵام**

ئاماژە بە نووسراوتان ژمارە/۱۲ لە ۲۰۲۰/۲/۱۳، سەبارەت بە (**پێشنیازی لیژنە بەڕێزەکەتان**)، بە لیژنە بەڕێزەکەتان ڕادەگەیەنین لە دەستەی سەرۆکایەتی لەسەر ئەم بابەتە گفتوگۆکراوە و لەبەرنامەیە، بفەرموون بۆ ئاگاداریتان.

**لەگەڵ ڕێزدا**

**هێمن هەورامی**

**جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان - عێراق**

۲/۲۹ ۲۰۱۰

**وێنەیەك بۆ:**

- نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.
- نووسینگەی بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.
- نووسینگەی بەڕێز سکرتێری پەرلەمانی کوردستان.
- نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی دیوانی پەرلەمانی کوردستان.
- نووسینگەی بەڕێزجێگری سەرۆکی دیوانی پەرلەمانی کوردستان.
- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان و لیژنەکان/ کاروباری لیژنەکان.

بەشدار ۲۰۲۰/۲/۱۸

هەرێمی کوردستان – عێراق
دەستەی دەسپاکی
نووسینگەی سەرۆکی دەستە

إقليم كوردستان – العراق
هيئة النزاهة
مكتب رئيس الهيئة

Kurdistan Region- Iraq
Commission of Integrity (KRCI)


ژمارە: ١/ ١٣٠ کوردی/٢٧٢٠ ڕێکەوت : ١ / ١١ / ٢٠٢٠

بۆ / سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

بابەت / جەخت کردنەوە

سڵاو ڕێز ...

لە بەرواری ٢٠١٩/١٠/١٦ ڕەشنووسی هەمواری دووەمی یاسای دەستەمان ڕەوانەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کرد بەڵام دوای تێ پەربوونی زیاتر لە ساڵێک کاری لەسەر نەکراوە و هەر لەلای بەڕێزتان ماوەتەوە جارێکی تر جەخت دەکەین لە بابەتی ئەو هەموارە کە پێویستیەکی گرنگی باشتر کردن و بەرەو پێش بردنی کار و چالاکییەکانی دەستەیە ، چاوەڕوانین پاڵپشتمان بن لەو ئەرکە قورسەی لەسەر شانمانە لە ڕێگەی پەسەند کردنی ڕەشنووسی هەموارەکە .

هاوکاریتان جێگای ڕێزە ...

د.احمد انور محمد
سەرۆکی دەستە

وێنەیەک بۆ//
- لیژنەی دەسپاکی پەرلەمانی کوردستان(بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا).
- لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان (بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا).
- نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی دەستە (بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا).
- خولاوی نووسینگە.

جمال


ناونیشان : هەولێر – شەقامی ئاراس بەرامبەری قوتابخانەی ستۆپەری بنەرەتی کچان – العنوان : اربیل- شارع اراس مقابل مدرسة ستوبر الاساسية للبنات
Email: despaky.office@gmail.c

مقترح تعديل قانون

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

برلمان كوردستان – العراق

أستناداً الى احكام الفقرة ( ١ ) من المادة (٥٦) والمادة (٥٣) من القانون رقم ( ١ ) لسنة ١٩٩٢ المعدل، وبناءً على ....... . قرر برلمان كوردستان – العراق،بجلسته الاعتيادية المرقمة ( ) المنعقدة بتاريخ / / تشريع القانون الاتي:

قانون رقم ( ) لسنة٢٠١٩

قانون التعديل الثاني لقانون هيئة النزاهة لاقليم كوردستان –العراق
رقم ( ٣ ) لسنة ٢٠١١

المادة(١):-
تضاف العبارة التالية الى اخر البند سابعا من المادة الاولى من قانون هيئة النزاهة لاقليم كوردستان–العراق رقم ٣ لسنة ٢٠١١ المعدل:-
(وجريمة الكسب غير المشروع ) .

المادة (٢ ):-
تعدل المادة الخامسة /ثانيا وثالثا من القانون لتقرأ على الوجه الاتي:-
ثانيا:- تسلم الاخبارات والمعلومات والشكاوى المتعلقة بالفساد بجميع الطرق والوسائل ومن جميع المصادر والتعامل مع جميع الامور التي تردها بضمنها الاخبارات المغفلة التي لا يعلن صاحبها عن نفسه،والتحري وجمع المعلومات والادلة بشأنها بواسطة محققي وتحريي الهيئة قبل عرضها على قاضي التحقيق.
ثالثا:-التحقيق في جرائم الفساد عن طريق محققين تابعين للهيئة تحت اشراف قضاة التحقيق وفقا لاحكام هذا القانون وقانون اصول المحاكمات الجزائية النافذ ومتابعتها والمحافظة على سرية المتعاونين وفقا للقانون.)

المادة (٣):-
تعدل المادة الخامسة/ثامنا-٣ / ز و ي من القانون لتقرأ على الوجه الاتي :-
ز-المدراء العامين ومن هم بدرجتهم ومعاونيهم ومدراء المصارف الحكومية ومعاونيهم ومدراء الكمارك والمنافذ الحدودية ومعاونيهم.
ي-المحافظون ورؤوساء الوحدات الادارية ورئيس واعضاء مجالس المحافظات والاقضية والنواحي ورؤساء البلديات واعضاء المجالس البلدية ورؤساء واعضاء لجان التقدير والاستملاك .

المادة(٤ ):-
تضاف الفقرة (٥ ) الى اخر المادة الخامسة / ثامنا بالنص الاتي :-
(تأمر الهيئة بايقاف صرف راتب ومخصصات الممتنع عن تقديم كشف مصالحه المالية اذا ما امتنع عن تقديمه مدة تزيد على( ٣٠ ) ثلاثين يوما من تاريخ انذاره بكتاب رسمي من الهيئة بتقديمه،ولا يعاد صرفها الا باشعار من الهيئة .

المادة (٥ ):-
تعدل المادة الخامسة/ عاشرا -٢ من القانون لتقرأ على الوجه الاتي :-
(تراقب الهيئة مدى نزاهة او قانونية القرارات والاعمال في القطاع العام واصدار تقارير دورية بشأنها،ولها طلب ابطال تلك الاعمال او القرارات من الجهات المعنية بها وازالة جميع اثارها واستعادة المتحصلات المتعلقة بها،ولها اقامة الدعوى بذلك اذا لم تصحح الجهة المعنية اعمالها او قراراتها غير القانونية او غير النزيهة.)

المادة (٦) :-
يلغى البندين( اولا وثانيا )من المادة (السابعة) من القانون ويعدل تسلسل باقي بنودها في ضوء ذلك.

المادة(٧):-
تلغى المادة التاسعة /ثانيا-٨ ويعدل تسلسل باقي البنود في ضوء ذلك،،وتعدل المادة التاسعة/ ثانيا-١ من القانون ، ويحل النص ادناه محل الفقرة (١):-
(١-اعداد واقرار مشروع الموازنة السنوية للهيئة وتحديد ملاكاتها وفق التوجيهات العامة للاقليم وارسالها الى وزارة المالية في الاقليم لتوحيدها مع الموازنة العامة للاقليم.).

المادة(٨ ):-
اولا:-تلغى المادة(العاشرة/ثالثا) من القانون ويحل محلها ما يأتي :-
( أ-تعيين المحققين في الهيئة على ان يكون حاصلا على شهادة جامعية اولية في القانون معترف بها.
ب-لا يمارس المحقق في الهيئة اعمال وظيفته لاول مرة الا اذا حلف-امام رئيس الهيئة-اليمين الاتية:-(اقسم بالله ان اؤدي اعمال وظيفتي بالعدل واطبق القوانين بامانة.).

المادة(٩)
يضاف البند( سابعا) الى المادة العاشرة بالنص الاتي :-
سابعا:- لرئيس الهيئة صلاحيات وزير المالية فيما يتعلق بشؤون الهيئة وملاكها وموازنتها.

المادة (١٠):-
تعدل المادة الثانية عشرة/ اولا-٣ لتقرأ على الوجه الاتي:-
(٣-التحقيق في جرائم الفساد.)

المادة(١١):-
تعدل المادة الثانية عشرة / ثانيا-٢ و٦ و٩ من القانون لتقرا على الوجه الاتي:-
(٢-تمثيل الهيئة بممثل قانوني امام المحاكم الجزائية المختصة عدا محكمة التمييز فيما يتعلق بجرائم الفساد، ولهم الحق بمناقشة الشهود والخبراء وتوجيه الاسئلة اليهم وطلب اصدار الاحكام بالادانة والعقوبة،وممارسة كل ما من شأنه الحفاظ على الحق العام ،ومراجعة طرق الطعن في القرارات والاحكام الصادرة بشأنها.
٦-الرقابة على نزاهة او قانونية قرارات واعمال القطاع العام،والتعاون في مجال مراقبة التحصيل والانفاق والتصرف باموال الاقليم وطرق ادراتها،وتقصي الحقائق فيما يتعلق بالاخبارات والشكاوى التي ترد الى الهيئة ومراقبة حسن تطبيق قواعد السلوك المهني وانضباط موظفي الدولة .
٩-اعداد مقترحات ومشاريع قوانين في مجال القضاء على الفساد ومكافحته،والاشراف على وضع التعليمات التي ينص عليها هذا القانون.).

المادة (١٢):-
تعدل المادة الثانية عشرة / ثالثا-٧ لتقرأ على الوجه الاتي :-
٧- وضع تعليمات قواعد السلوك الوظيفي .

المادة ( ١٣ ):-
تعدل المادة الثالثة عشرة/ خامسا من القانون لتقرأ على الوجه الاتي :-
(خامسا:١-يفقد المحكوم عليه بجناية فساد عمدية الاهلية لشغل الوظائف العامة،ولا يجوز للقطاع العام التعاقد معه كمقاول او مورد خدمات او سلع .
٢-يعد الموظف المدان بجناية فساد عمدية معزولا من وظيفته حال اكتساب الحكم درجة البتات .

المادة(١٤):-
تعدل المادة الثالثة عشرة /اولا من القانون لتقرأ على الوجه الاتي :-
(اولا:-لمحققي الهيئة سلطات المحقق حسبما هو منصوص عليه في قانون اصول المحاكمات الجزائية النافذ في الاقليم،ولهم وللتحريين والقانونيين التابعين للهيئة سلطة الاطلاع على المستندات والوثائق الرسمية بما فيها السرية،مهما كانت درجة كتمانها ، ويجب تسهيل مهمة دخولهم الى الدائرة المعنية مع الاجهزة التي تقتضيها طبيعة عملهم وتوفير الحماية لهم ولا يجوز تجريدهم من الاجهزة المتعلقة باعمالهم.).

المادة(١٥):-
تعدل المادة(الحادية والعشرين)من قانون الهيئة لتقرأ على الوجه الاتي :-
(اولا:-يمنح موظفوا الهيئة ما يتقاضاه موظفوا ديوان الرقابة المالية في الاقليم من مخصصات وفق لقانون ديوان الرقابة المالية في اقليم كوردستان-العراق رقم( ٢ )لسنة ٢٠٠٨ ).
ثانيا:-تعد خدمات موظفي الهيئة الحاصلين على شهادات جامعية في القانون خدمة قانونية مجزية،بغض النظر عن محل عملهم فيها،وتكون خدمة مجزية لاغراض القبول في المعهد القضائي،ولاغراض الانتماء لنقابة المحامين في الاقليم استثناءا من شرط الحد الاعلى للسن للانتماء.

المادة(١٦):-
يحل النص الاتي محل المادة الخامسة والعشرين الملغاة من القانون:-
(اولا:-أ-يشكل مجلس القضاء في الاقليم محكمة متخصصة بقضايا الفساد الكبرى تتكون من محكمة تحقيق جرائم الفساد الكبرى ومحكمة جرائم الفساد الكبرى يكون مقرها في اربيل.
ب-تتولى محكمة تحقيق جرائم الفساد الكبرى التحقيق في قضايا الفساد الكبرى وفقا لقانون اصول المحاكمات الجزائية وتحيل المتهمين الذي تتوفر ادلة كافية ضدهم الى محكمة جرائم الفساد الكبرى.
ج-تتولى محكمة جرائم الفساد الكبرى محاكمة المتهمين المحالين اليها من محكمة تحقيق النزاهة سواء اكانت جرائم جنايات او جنح وتمارس اختصاصات وسلطات محكمة الجنايات على قرارات قاضي تحقيق النزاهة.
د-يقصد بجرائم الفساد الكبرى جرائم الفساد التي يتوفر فيها احد المعيارين الاتيين :-
١-ان يكون كل المتهمين او احدهم موظف بدرجة مدير عام فاعلى .
٢-ان تكون قيمة الفساد فيها اكثر من مئة مليون دينار.
٣-من يرى رئيس الهيئة اعتبارها من جرائم الفساد الكبرى.
ثانيا:-تعلق جميع النصوص القانونية التي تتطلب اذنا او موافقة او اشعار من اي مرجع رسمي او غير رسمي لاتخاذ الاجراءات القانونية بحق المتهمين في جرائم الفساد.)
ثالثا:-ينظر قاضي التحقيق الذي يقع ضمن اختصاصه المكاني مكتب تحقيقات الهيئة الدعاوى التي يحقق فيها المكتب من غير جرائم الفساد الكبرى.
رابعا:- يعلو اختصاص الهيئة للتحقيق في جرائم الفساد على اختصاص اية جهة اخرى،وللهيئة اختيار التحقيق في اية قضية فساد وطلب احالتها اليها،وعلى الجهة التي تحقق في القضية التي اختارت الهيئة التحقيق فيها التوقف عن التحقيق فيها فورا ،،واحالتها اليها.

المادة ( ١٧ ) :-
ينفذ هذا القانون من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية ( وقائع كوردستان ) .

## الاسباب الموجبة

من اجل تعزيز وتقوية اجراءات مكافحة الفساد،وتشكيل محكمة متخصصة بجرائم الفساد الكبرى،ولمنح هيئة النزاهة صلاحية تعيين الموظفين الاساسيين فيها،ولحسن توزيع المهام بين دوائرها،وترسيخ وتمتين اليات الاصلاح والرقابة ومنحها مزيد من الصلاحيات ولوضع ضمانات اضافية لاستقلال الهيئة ماليا واداريا وتعزيز ادواتها التحقيقية والرقابية،،فقد شرع هذا القانون .

# پێشنیازی هەمواركردنی یاسا

## یاسای ژمارە ( ) ی ساڵی ٢٠١٧

## یاسای هەمواری دووەمی یاسای دەستەی دەسپاکی هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١١

**ماددەی (١):**

زیادکردنی ئەم دەستەواژەیەی دادێت بۆ کۆتایی بەندی (حەوتەم) ی ماددەی (یەکەم)ی یاسای دەستەی دەسپاکیی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (٣)یَ ساڵی ٢٠١١ی هەموارکراو:

(و تاوانی دەستکەوتی ناڕەوا).

**ماددەی (٢):**

ماددەی (پێنجەم/ دووەم و سێیەم)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

دووەم- وەرگرتنی هەواڵ لێدان و زانیاری و سکاڵای پەیوەست بە گەندەڵی بە گشت رێگە و ئامرازەکان و لە سەرجەم سەرچاوەکان و مامەڵەکردن لەگەڵ گشت ئەو پرسانەی لەخۆیان دەگرێ، لە نێوانیشیاندا ئەو هەواڵ لێدانانەی سەرلێشێوێنەرن ئەوانەی خاوەنەکانی خۆیان ئاشکرا ناکەن، و بەدواگەڕان و کۆکردنەوەی زانیاری و بەڵگەکان لە بارەیانەوە لە رێگەی لێکۆڵەر و کەسانی بەدواگەڕ (تحری) ی دەستە بەر لە خستنەڕوویان لەبەردەم دادوەری لێکۆڵینەوە.

سێیەم- لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی گەندەڵی لە رێگەی لێکۆڵەری سەر بە دەستە لە ژێر سەرپەرشتی دادوەرانی لێکۆڵینەوە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە و یاسای بنەماکانی دادگاییکردنە سزاکارییەکانی بەرکار و بەدواداچوونیان و پارێزگاریکردن لە نهێنی کەسانی هاوکار بەپێی یاسا).

**ماددەی (٣):**

ماددەی پێنجەم/ هەشتەم-٣/ ز و ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

ز- بەڕێوەبەرە گشتییەکان و ئەوانەی لە پلەی ئەواندان و یاریدەدەرەکانیان و بەڕێوەبەرانی بانکە حکومییەکان و یاریدەدەرەکانیان و بەڕێوەبەراەنی گومرگ و دەروازە سنوورییەکان و یاریدەدەرەکانیان.

ی- پارێزگارەکان و سەرۆکی یەکە کارگێڕییەکان و سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا و قەزا و ناحییەکان و سەرۆکی شارەوانییەکان و ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانییەکان و سەرۆك و ئەندامانی لیژنەکانی خەملاندن و بەخاوەنکردن.

**ماددەی (٤):**

زیادکردنی بڕگەی (٥) بۆ کۆتایی ماددەی (پێنجەم/ هەشتەم)، بەم دەقەی خوارەوە:

(دەستە فەرمان دەکات بە ڕاگرتنی خەرجکردنی مووچە و دەرماڵەکانی ئەو کەسەی ئامادە نییە خستنەڕووی بەرژەوەندییە داراییەکانی پێشکەش بکات ئەگەر ئامادە نەبێت پێشکەشی بکات بۆ ماوەیەکی زیاتر لە (٣٠) سی ڕۆژ لە ڕێکەوتی هۆشداریکردنی بە نووسراوێکی فەرمی لە لایەن دەستەوە سەبارەت بە پێشکەشکردنی، و خەرج ناکرێتەوە تەنها لە دوای ئاماژەی دەستەوە نەبێت.

**ماددەی (٥):**

ماددەی (پێنجەم/ دەیەم -٢)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(دەستە ئاستی دەسپاکی یان یاساییبوونی بڕیارەکان و کارەکان لە کەرتی گشتی چاودێری دەکات و ڕاپۆرتی ناوبەناو دەربارەیان دەردەکات، و بۆی هەیە داوای پووچەڵکردنەوەی ئەم کارانە یان بڕیارانە لە لایەنە پەیوەندارەکان بکات لەگەڵ لابردنی سەرجەم ئاسەوارەکانی و وەرگرتنەوەی ئەوەی پەیوەستە پێیانەوە، و بۆی هەیە لەم بارەیەوە دەعوا بەرز بکاتەوە ئەگەر لایەنی پەیوەندار کارەکانی یان بڕیارە نایاساییەکانی یان نادەسپاکەکانی ڕاست نەکاتەوە).

**ماددەی (٦):**

هەردوو بەندی (یەکەم و دووەم)ی ماددەی (حەوتەم)ی یاساکە هەڵدەوەشێندرێنەوە و لەبەر ڕۆشنایی ئەمە ریزبەندی بەندەکانی دیکەی هەموار دەکرێتەوە.

**ماددەی (٧):**

ماددەی (نۆیەم/ دووەم -٨) هەڵدەوەشێندرێتەوە و لەبەر ڕۆشنایی ئەمە ریزبەندی بەندەکانی دیکەی هەموار دەکرێتەوە، و ماددەی (نۆیەم/ دووەم -١)ی یاساکە هەموار دەکرێت، و ئەم دەقەی خوارەوە جێگەی بڕگەی (١)ی دەگرێتەوە:

(١- ئامادەکردن و بڕیاردانی پڕۆژەی بودجەی ساڵانەی دەستە و دیارکردنی میلاکاتی بەپێی ئاراستە گشتییەکانی هەرێم و ناردنیان بۆ وەزارەتی دارایی لە هەرێم بۆ یەکخستنیان لەگەڵ بودجەی گشتیی هەرێم).

**ماددەی (٨):**

یەکەم- ماددەی (دەیەم/ سێیەم)ی یاساکە هەڵدەوەشێندرێتەوە و ئەمەی خوارەوە جێگەی دەگرێتەوە:

(أ- دامەزراندنی لێکۆڵەران لە دەستە بەو مەرجەی هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت لە یاسا کە دانپێنراو بێت.

ب- لێکۆڵەر لە دەستە کارەکانی وەزیفەکەی بۆ یەکەمجار پیادە ناکات تەنها ئەگەر لەبەردەم سەرۆکی دەستە ئەم سوێندە بخوات: (سوێند بەخوا کارەکانی وەزیفەکەم بە دادوەریی ئەنجام بدەم و یاساکان بە ئەمانەتەوە پیادە بکەم).

**ماددەی (٩):**

بەندی (حەوتەم) بۆ ماددەی (دەیەم) زیاد دەکرێت بەم دەقەی خوارەوە:

حەوتەم- سەرۆکی دەستە دەسەڵاتەکانی وەزیری دارایی دەبێت لەوەی پەیوەستە بە کاروباری دەستە و میلاك و بودجەکەی.

**ماددەی (١٠):**

ماددەی (دوازدەم/ یەکەم -٣) هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(٣- لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی گەندەڵی).

**ماددەی (١١):**

ماددەی (دوازدەیەم/ دووەم - ٢ و ٦ و ٩)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(٢- نوێنەرایەتیکردنی دەستە لە ڕێگەی نوێنەرێکی یاسایی لەبەردەم دادگا سزاکارییە تایبەتمەندەکان جگە لە دادگای تەمییز لەوەی پەیوەستە بە تاوانەکانی گەندەڵی، و مافیان هەیە گفتوگۆ بکەن لەگەڵ گەواهیدەران و شارەزایان و پرسیاریان ئاراستە بکەن و داوای دەرکردنی حوکم بکەن بە تاوانبارکردن و سزا، و پیادەکردنی گشت ئەو شتانەی دەبنە مایەی پارێزگاری کردن لە مافی گشتی و گرتنەبەری ڕێگەکانی تانەلێدان لەو بڕیار و حوکمانەی لە بارەیانەوە دەرچوون.

٦- چاودێریکردنی دەسپاکی یان یاساییبوونی بڕیار و کارەکانی کەرتی گشتی، و هاوکاریکردن لە بواری چاودێریی وەرگرتن و خەرجکردن و رەفتارکردن بە مایەکانی هەرێم و رێگەکانی بەڕێوەبردنیان، و گەیشتن بە راستییەکان لەوەی پەیوەستە بەو هەواڵ لێدان و سکالآیانەی دەگەنە دەستە و چاودێریکردنی چاك پیادەکردنی رێساکانی رەفتاری پیشەیی و بەرزەفتەیی فەرمانبەرانی دەوڵەت.

٩- ئامادەکردنی پێشنیاز و پرۆژە یاساکان لە بواری نەهێشتنی گەندەڵی و بەرەنگاربوونەوەی، و سەرپەرشتیکردنی دانانی ئەو رێنماییانەی ئەم یاسایە دەقی لەسەر دەکات).

**ماددەی (١٢):**

ماددەی (دوازدەم/ سێیەم -٧) هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

٧- دانانی رێنمایی رێساکانی رەفتاری وەزیفی.

**ماددەی (١٣):**

ماددەی (سێزدەم/ پێنجەم)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(پێنجەم- ١- ئەو کەسەی حوکمدراوە بە جینایەتێکی گەندەڵی بەئەنقەست لێهاتوویی وەرگرتنی وەزیفە گشتییەکان لەدەستدەدات، و کەرتی گشتی بۆی نییە گرێبەستی لەگەڵدا بکەن وەك بەڵێندەر یان هێنەری خزمەتگوزاریی یان کەلوپەل.

٢- ئەو فەرمانبەرەی تاوانبارکراوە بە جینایەتێکی گەندەڵی بەئەنقەست بە دەرکراو (معزول) لە وەزیفەکەی دادەندرێت کاتێك حوکمەکەی پلەی بنبڕی وەردەگرێت.

**ماددەی (١٤):**

ماددەی (سێزدەم/ یەکەم)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(یەکەم- لێکۆڵەرانی دەستە دەسەلآتی لێکۆڵەریان هەیە بەگوێرەی ئەوەی لە یاسای بنەماکانی دادگاییکردنە سزاکارییەکانی بەرکار لە هەرێم دەقی لەسەرکراوە، وە ئەوان و بەدواگەڕە (تحری) یاساییەکانی دەستە دەسەلآتی تێڕوانینیان هەیە لەسەر بەڵگەنامە و دۆکیومێنتە فەرمییەکان بە نهێنییەکانیشەوە، جا پلەی نەدرکاندنی هەرچیەك بێت، و پێویستە ئەرکی چوونە ژوورەوەیان بۆ فەرمانگەی پەیوەندار ئاسان بکرێت لەگەڵ ئەو دەزگایانەی سروشتی کارەکانیان پێویستی دەکەن و دابینکردنی پاسەوانیی بۆیان و نابێت ئەو ئامێرانەی پەیوەستن بە کارەکانیانەوە لێیان بسەندرێتەوە).

**ماددەی ( ١٥ ):**

ماددەی (بیست و یەکەم)ی یاسای دەستە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(یەکەم- فەرمانبەرانی دەستە ئەو دەرماڵانەیان پێدەدرێت کە فەرمانبەرانی دیوانی چاودێریی دارایی لە هەرێم بەپێی یاسای دیوانی چاودێریی دارایی لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (٢)ێ ساڵی ٢٠٠٨ وەریدەگرن.

دووەم- ڕاژەی فەرمانبەرانی دەستە ئەوانەی هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیین لە یاسا بە ڕاژەی یاسایی شایستە هەژمار دەکرێت، بەدەر لە شوێنی کارکردنیان، و دەبێتە ڕاژەیەکی شایستە بۆ مەبەستەکانی قەبولکردن لە پەیمانگەی دادوەریی، و بۆ مەبەستەکانی بوونە ئەندام لە سەندیکای پارێزەران لە هەرێم بەدەر لە مەرجی بەرزترین ئاستی تەمەنی بوونە ئەندام.

**ماددەی ( ١٦ ):**

ئەم دەقەی خوارەوە شوێنی ماددەی (بیست و پێنجەم)ی هەڵوەشاوەی یاساکە دەگرێتەوە:

(یەکەم- أ- ئەنجومەنی دادوەریی لە هەرێم دادگایەکی تایبەتمەند بە پرسە گەورەکانی گەندەڵی پێکدەهێنێت کە لە دادگایەکی لێکۆڵینەوەی تاوانە گەورەکانی گەندەڵی و دادگایەکی تاوانە گەورەکانی گەندەڵی پێکدێت و بارەگاکەی لە هەولێر دەبێت.

ب- دادگای لێکۆڵینەوەی تاوانە گەورەکانی گەندەڵی لێکۆڵینەوە لە پرسە گەورەکانی گەندەڵی لە ئەستۆ دەگرێت بەپێی یاسای بنەماکانی دادگاییکردنە سزاکارییەکان و ئەو تۆمەتبارانەی بەڵگەی تەواویان لە دژ بەردەستە ڕەوانە دەکات بۆ دادگای تاوانە گەورەکانی گەندەڵی.

ج- دادگای تاوانە گەورەکانی گەندەڵی دادگاییکردنی ئەو تۆمەتبارانەی بۆی ڕەوانەکراون لەلایەن دادگای لێکۆڵینەوەی دەسپاکی لە ئەستۆ دەگرێت جا تاوانەکانیان جینایەت بێت یان کەتن و پیادەی تایبەتکاری و دەسەڵاتەکانی دادگای جینایەت دەکات لەسەر بڕیارەکانی دادوەری لێکۆڵینەوەی دەسپاکی.

د- مەبەست لە تاوانە گەورەکانی گەندەڵی ئەو تاوانانەی گەندەڵییە کە یەکێك لەم دوو پێوەرەی خوارەوەیان لێ دێتەدی:

١- هەموو تۆمەتبارەکان یان یەکێکیان فەرمانبەرێك بێت بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی بەرەو سەر.

٢- بەهای گەندەڵی تیایاندا زیاتر بێت لە سەد ملیۆن دینار.

٣- ئەوەی سەرۆکی دەستە وای دەبینێت کە بە تاوانی گەورەی گەندەڵی هەژمار بکرێت.

دووەم- گشت ئەو دەقە یاساییانەی پێویست بە مۆڵەت یان ڕەزامەندی یان ئاگادارکردنەوە دەکەن لە لای هەر مەرجەعێکی فەرمی یان نافەرمی بۆ گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی دەرهەق بە تۆمەتباران لە تاوانەکانی گەندەڵی، هەڵدەپەسێندرێن).

سێیەم- ئەو دادوەرەی لێکۆڵینەوە کە نووسینگەی لێکۆڵینەوەکانی دەستە دەکەوێتە چوارچێوەی تایبەتکاریی شوێنییەکەی، دەڕوانێتە ئەو دەعوایانەی کە نووسینگە لێکۆڵینەوەیان لێدەکات بێجگە لە تاوانە گەورەکانی گەندەڵی.

چوارەم- تایبەتکاریی دەستە بۆ لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی گەندەڵی بەرزترە لە تایبەتکاریی هەر لایەنێکی دیکە، و دەستە بۆی هەیە لێکۆڵینەوە لە هەر پرسێکی گەندەڵی هەڵبژێرێت و داوا بکات بۆی رەوانە بکرێت، و پێویستە لەسەر ئەو لایەنەی لە پرسەکە لێکۆڵینەوە دەکات ئەوەی دەستە هەڵیبژاردووە لێکۆڵینەوەی تیادا بکات، دەستبەجێ لە لێکۆڵینەوەکانی سەری رابوەستێت، و بۆی رەوانە بکات.

**ماددەی (١٧):**

ئەم یاسایە لە رێکەوتی بلاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

## هۆیەکانی دەرچوواندن

لەپێناو پتەوکردن و بەهێزکردنی رێکارەکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، و پێکهێنانی دادگایەکی تایبەتمەند بە تاوانە گەورەکانی گەندەڵی، و بەمەبەستی پێدانی دەسەلاتی دامەزراندنی فەرمانبەری سەرەکی تیایدا بە دەستەی دەسپاکی، و بۆ چاك دابەشکردنی ئەرکەکان لە نێوان فەرمانگەکانیدا، و چەسپاندن و پتەوکردنی میکانیزمەکانی چاکسازی و چاودێریی و پێدانی دەسەلاتی زیاتر، و بۆ دانانی گەرەنتی سەربار بۆ سەربەخۆیی دەستە لە رووی دارایی و کارگێڕییەوە و پتەوکردنی ئامرازەکانی لێکۆڵینەوە و چاودێرییەکانی، ئەم یاسایە دەرچووێندرا.